www.kurdistannet.org
3-2-2003 11:59

# لاوان وبەزمەکانی مۆبایل

**جوان ئەحمەد**

juanahmad@maktoob.com

مۆبایل فاکتەرێکە بە خێراترین کات پەیوەندی بەو کەسە ئازیزە دەکەی کە هەمیشە دەتەوێ لەگەڵتا بژی و هەمیشە ئاگاداری ژیان و بەسەرهاتی بیت، لە رێگای ئەو ئامێرە بچووکەوە گەورەترین پرۆژەی داهاتوو بنیاد ئەنرێ، دڵان پڕدەکات لە هیواو خۆشەویستی، هەر لە رێگای مۆبایلیش کۆتایی بە دواچرکەکانی خۆشەویستی دێ، ئەو مرۆڤانەی کە رۆژانە مۆبایل بەکار دەهێنن چەندین بەسەرهاتی خۆش‌و ناخۆشیان بەسەردا هاتووە، هەندێ لە بیرەوەری ئەو کەسانە سەرنجیان راکێشایین بۆ ئەوەی چەند گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنجام بدەین هەرچەندە زۆربەی ئەوانەی قسەمان لەگەڵ کردوون ئامادە نەبوون ناوەکانیان بنوسین بۆیە تەنها پیتی یەکەمی ناوەکانمان داناوە.

- (ج، ق، د) مۆبایل نزیکترین هاورێمە تەنانەت لە کاتی خەویشما لەژێر سەرم دایە، ناتوانم تەنها بۆ ماوەیەکی کورتیش لێی جیا ببمەوە بۆیە هەق وایە پەیکەرێك بۆ فاروقی مەلا مستەفا دروست بکەن لە ئالتون، مۆبایل بەسەرهاتی خۆش‌و ناخۆشی تێدایە، رۆژێکیان ویستم لە حەمامیماڵەوە خۆم بشۆم، ویستم مۆبایلەکە لەگەڵ خۆم بەرم بەڵام دایکم ووتی کورم ئامێرەکە بە هۆی هەڵمەوە تێك دەچێ بۆیە لەگەڵ خۆم نەم برد، لەو کاتەی من لە حەمام بووم کچێکی هاورێم تەلەفۆنی بۆ کردبووم، دایکیشم وەڵامی دابوو پێی وتبوو لە حەمامە، کچە وتبووی زۆرکاری گرنگ پێ یە ئەگەر مۆبایلەکەی بۆ بەری مەمنونت دەبم، بەڵام دایکم وەڵامی دابوو ئاخر کچم لە حەمامە ئەویش پێی وتبوو قەی چی یە خۆ نایبینم، دایکیشم بە ناچاری مۆبایلەکەی بۆ هێنامە حەمام و کچەکەی هاورێم باسی گفتوگۆی نێوان خۆی‌و دایکمی بۆ گێڕامەوە منیش ووتم خۆزگە لە شاشەکەی مۆبایل یەکترمان ئەبینی.

(د، ع، ر) من زۆر مۆبایلەکەم خۆش ئەوێ ئەوکاتەی دەچمە محازەرەکانم لە زانکۆ مۆبایلەکەم بێ دەنگ ئەکەم زۆرجار لە بیرم ئەچێ بێ دەنگی بکەم لە نێو گەرمەی محازەرەوە وانە وتنەوەی مامۆستا زەنگی مۆبایلەکەم لێ ئەدات و لەو کاتە خوێندکارەکانی هاورێم ئەکەونە پێکەنین و تەعلیق هاویشتن، رۆژێکی تر لە ئاودەست بووم زەنگی مۆبایلەکەم لێ درا، منیش (زگ چوونم) لێ بوو لە پرێکدا هەوایەکی گەورە دەنگی هات، ئەو کەسەی لەگەڵم قسەی دەکرد ووتی ئەو تەقەیە چی بوو تۆ لە کوێ خێرا بڕۆ لەوێ منیش ووتم باشە بەقوربان دوای تەلەفۆنت بۆ ئەکەمەوە.

- (ش، ع، ك) هەندێ جار لە مۆبایلەکە بێزار ئەبم، بەڵام زۆرجاریش زۆردڵم پێی خۆشە بە تایبەتی ئەوکاتانەی کە بە ئاسانی تەلەفۆنی ماڵی خۆشەویستەکەم وەردەگرێ و بە هێمنی قسەی لەگەڵ دەکەم، رۆژێکیان لە نێو باخی گشتی ویستم تەلەفۆنێك بۆ خۆشەویستەکەم بکەم، زۆر هەوڵم لەگەڵ دا تا وەری گرت، دوای باوکی خۆشەویستەکەم هەڵی گرت منیش نەمزانی بڵێم چیووتم کاکە ئێرە کەبابخانەی وەستا قادرە، ووتی نەخێر کاکە ئووتوی شەماڵە، جارێکەی تر لە ماڵەوە میوانمان هەبوو لەیەك کاتدا چوار مۆبایل بەیەکەوە زەنگمان بۆهات، دایکم ووتی پۆلیس گەیشتە سەرمان چیمان کردوە.

(ج، ه، گ) ئای مۆبایل ئەوەندە بەزمان هەیە قەت ناتوانم لێی جیاببمەوە، رۆژێکیان لە ماڵەوەمان میوانداری هەندێ خزمان کردبوو کە لە هەندەران گەڕابوونەوە، نیوەرۆکەی دایکم خواردنێکی زۆری دروست کردبوو، لەوکاتەش چاوەڕێی تەلەفۆنی خۆشەویستەکەم دەکرد زۆر چاوەڕێم کرد لەماوەی داهاتوو زەنگی تەلەفۆنەکەم بۆ نەهات. سینیەکی گەورەم هەڵگرت بۆ ئەوەی بیخەمە سەر مێزی نان خواردن لە پرێکدا زەنگی مۆبایلەکەم لێ درا منیش دەستم لە سینیەکە بەردا و بۆ گیرفانم برد هەرچی چێشت هەبوو بە شلەکانیشەوە رژاو چەندین قاپی نان خواردنیش شکان، ئەزانی بۆوام کرد بڕوا بکە ئاگام لە خۆم نەماوە لەوەشی ترسام ئەگەر وەڵام نەدەمەوە خۆشەویستەکەم لێم بتۆرێ.

(تا، م، و) مۆبایل زۆر خۆشە، پەیوەندیم لەگەڵ کچێك هەبوو زۆرم خۆش ئەوویست، بەردەوام پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتر دەکرد بڕوابکە دوو رۆژ یان جاری وا هەبوو بەیەك رۆژ کارتم تەواو دەکرد، دوای ماوەیەك مۆبایلەکەم لەلا نەما، ئاگام لە خۆشەویستەکەم بڕا، لەگەڵکەسێکی تر پەیوەندیم گرێ دا، ئەویش لەبەرخاتری ئەوەی کە بەردەوام پەیوەندیمان هەبێ مۆبایلی

كڕی، دوای ئەوەی مۆبایلەكەم وەرگرتەوە هەر فریای ئەوە دەكەوتم كارت بكڕم چونكە یەكێكیان دایەخست ئەوەی تر تەلەفۆنی بۆ دەكردم گلەیی لێ دەكردم منیش هەر جاری درۆیەكم بۆ دەكردن كە پەیوەندی دەرەوەم لەگەڵ دابووە. ڕۆژێكیان لەگەڵ یەكێكیان بووم قسەمان ئەكرد دەستم خستبو بوو ناودەستی لە پڕ زەنگی مۆبایلەكەم لێ درا، خۆشەویستەكەی ترم پێی ووتم كارتم نییە تەلەفۆنم بۆ بكەوە، ووتم باشە، تەلەفۆنەكەم نەكرد چونكە لەبەر ئەوەی تر نەم وێرا دوای تەلەفۆنی بۆ كردم پێی ووتم ئەوە كێت لەگەڵە بۆ تەلەفۆن ناكەی، وام زانی ڕوو بەڕووم دێت بە ئەوەی ترم ووت وەرە ئەم لاوە، ئەویش لێم تورەبە بوو ڕۆیشت دوای تەلەفۆنم بۆ ئەوەی تریش كردەوە لێم تورە بوو وەڵامی نەدامەوە.

(ح، ف، ق) ڕۆژێكیان تەلەفۆنم بۆ خۆشەویستەكەم ئەكرد، لێم پرسی لەكوێی ووتی لە نێو پاسم، منیش لە شەقامی مەولەوی بووم یەكسەر پاسەكە لەبەردەمم وەستاو سەیری یەكتریمان دەكردوو قسەمان دەكرد ئەمە ڕۆژێكی زۆرخۆش بوو، چونكە زۆر حەزم ئەكرد ببیبنم، جارێكی تر لەگەڵ باوكم خەریكی كارێك بووین، زەنگی مۆبایلەكەم لێ درا منیش یەكسەر هەڵسام ڕامكرد بۆ مۆبایلەكەم‌و وەڵامم دایەوە، باوكم زۆر تورە بوو چونكە ئیشەكەی هەمووی هەڵوەشایەوە جارێكی تر دەستمان پێ كردەوەلە پرێكدا جارێكی تر زەنگی مۆبایلەكەم لێ درا، نەمویرا لەبەر باوكم بچم و دڵم پڕ بوو فرمێسك لە چاوەكانم هاتە خوارێ.

(ش، ئـ) جارێكیان لەنێو ئۆتۆمبیلەكەم لەگەڵ كچێك لە جادەی شەست مەتری بووین دەمان ویست بچینە دەرەوەی شار چەندین جار زەنگی تەلەفۆنی كچە لێدرا و زۆر بێزاری كردم لەو پەڕی گفتوگۆماندا زەنگی مۆبایلەكەی لێ ئەدرا منیش تورەبووم لەگەڵ لێدانی زەنگی مۆبایلەكەی یەكسەر جیهازەكەم لە جامی سەیارەفڕێ دایە دەرەوە جیهازەكەی ووردو خاش بوو ناچار جیهازێكی ترم بۆی كڕیەوە هەر چەند ماوەیەكیش لێم تۆرا بەڵام دوای خۆی هاتەوە لام.

(گ، د، س) من زو زوو جیهازی مۆبایلەكەم ئەگۆڕم و حەزم لێیە هەر ڕۆژەی جۆرێكی موزیكی لەسەر بێت، ڕۆژێكیان لە مزگەوت لە پرسەی خزمێكمان بووم لە پرێكدا زەنگی مۆبایلەكەم لێ دراو ئەوانەی لەوێ بوون هەموویان سەیریان كردم چونكە موزیكی مۆبایلەكەم (هەی مەلەكەبوو) هەر ئەوەندە مابوو دەست بگرین و هەڵپەڕین بە پەلە مۆبایلەكەم كوژانەوە، ڕۆژێكی تر لە مزگەوت نوێژی شەوانمان دەكرد و منیش لە ڕیزی یەكەم لە دوای پێش نوێژ بووم لەناو نوێژەكەم مۆبایلەكەم زەنگی لێ دا موزیكی (شیرینە سەوزە) ی لەسەر بوو زۆر تەریق بوومەوە نەمدەزانی چی بكەم، دوای تەواو بوونی نوێژ، پێش نوێژ تورە بوو ووتی ئەوەی مۆبایلی پێیە یان با بیكوژێنێتەوە یان جارێكی تر نەیهێنێ بۆ مزگەوت.

(ئا، ح، و) هاوڕێ یەكەم زوو زووداوای مۆبایلەكەی لێ دەكردم منیش دڵم نەدەشكاند دەم دایە جاری وا هەبوو هەفتەیەك لەلای بووە شەوێكیان كچێك تەلەفۆنی كرد داوای ئەو برادەرەمی كرد منیش پێم ووت ئەوە مۆبایلی منەو لای ئەو بووە، وە ماڵیان زۆر دوورە ناتوانم بانگی بكەم، چونكە لەوپەری شارە، ئەو هەر ئەی ووت لە هەر كوێ بێت دەبێ بۆم بدۆزیتەوە، منیش پێم ووت من ناتوانم لەو قسانە دابووین خێزانەكەم ووتی ئەمە كێیە منیش ووتم هیچ نیە، بۆ گوێی لە قسەكانی كچە نەبوو ئیتر بوو بە شەڕمان تا دوو هەفتە قسەمان نەبوو.

## تێبینی كوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣